www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:46 7-7-2006

## خوێندنەوەی هونەری نوسینی دراما و دەقی شانۆی خۆماڵی ... ئارام سدیق



لەمێژووی هونەری و ئەدەبی هەموو گەلاندا هونەری نوسینی دراماو دەقی شانۆیی گرنگیەکی لەڕادەبەدەری هەیە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەڕێی ئەم جۆرە هونەرانەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و مێژووی کۆمەڵگەکەی خۆیان بخەنە روو، زۆرجار درامایەکی تەلەفزیۆنی، یان شانۆیەک کاریگەریەکی زۆری لەسەر رای هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە دروست کردووە، بۆ گۆڕانی سیاسی، یان ئابوری مێژووی و کۆمەڵایەتی و...هتد، ئەمەش بەسودی سەرجەم هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە شکاوەتەوە.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا لێی بدوێم کتێبی (هونەری نوسینی دراماو دەقی شانۆی خۆماڵی) مامۆستا (دانا عەلی سەعید) ە، کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەزنجیرە کتێبی (236) دا و لەدووتوێی (109) لاپەڕەدا بەچاپی گەیاندووە. ئەم کتێبە هەوڵێکی جوانی نوسەرە بۆ روونکردنەوە و ناساندنی چەمکە بنەڕەتیەکانی هونەری نوسینی دراماو دەقی شانۆیی، نوسەر لەم کتێبەدا دەیەوێ لەکورتترین و پوخترین نوسیندا شتێک لە خوێنەر بگەیەنێت کەهونەری نوسینی دراماو شانۆ چیەو چۆن بەهرەمەندان دەتوانن زانستیانە و سەرکەوتوانە کاری تێدابکەن و گەشە بە بەهرەکەی خۆیان بدەن. لە پێشەکی ئەم کتێبەدا (م. ئەحمەد سالار) نوسیویەتی؛ هەمیشە دەق زەمینەی سەرەکییە و بنەمای بنیادنانەکەیە، بۆیە ئەگەر شانۆیەکی کوردییانەمانە گەرەک بێ، دەبێ دەقی خۆماڵیمان مەبەست بێ، خەمخۆرو مشورخۆری بین، بۆیە نووسەر لەدووتۆی باسێکی زانست پەیڕەودا، ڕەچاوی کەرەسە سەرەکییەکان و تەکنیکی داڕشتنەکەی بۆ کردووین، تووخمە بنەڕەتییەکانی دەستنیشان کردووە، کە دەکرێ چ پێوەر ئاساو چ ڕێگاپیشاندەری نیازدارانی پرۆژەی دامەزراندنی شانۆکەمان بێ. کە دەگمەنێتی و دانسقەیی ئەم بابەتانە، کە نەک بە تەنها دەستگیرۆیی بزوتنەوە شانۆییەکە دەکەن، بەڵکو لەتەک پڕکردنەوەی کەلێنە هەرەدیار و گەورەکانی باری رۆشنبیریدا، دەروو دەروازە بە رووی بنیادنانی مەبەستدا واڵا دەکات. لە تاوتۆکردنی نموونە جیاجیاکانی هەنگاوەکانی شانۆکەماندا سۆراخی ئەو جۆرە دەقە دەکات کە کوتومت مەبەست بەرجەستە بکات، لەهەمان کاتدا ڕەچاوکردنی ئەو بایەخە دراماتیکیانەی کەلە پێکهێنانی تەواوەتی شانۆییدا سەرەکین، و گرنگی مەزنیان لە گەیاندن و خولقاندندا هەیە، وەک (دیالۆگ) ، و (کاراکتەر) و (هۆنینەوەی شانۆیی) ، کەهەر یەکەیان خاسیەت و لایەن و ڕواڵەت و پەیامی خۆی.

هەروەها نوسەریش لەپێشەکی خۆیدا لەمەڕ کتێبەکە نوسیویەتی؛ ئەمڕۆ گومان لەوەدانییە کەشانۆی کوردی، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەمەتەقێی لەسەر بکرێ و لە هەندێک بواریشدا، پێی لەسەر دابگیرێ و زۆر ئەکادیمیانە تەواوی زانستی شانۆیی بەسەردا بچەسپێنرێ. هەربۆیە پێویستییەکی دروستە رووی خۆمان لەهەندێک کەسان و بەرهەمی شانۆیی کاڵ و کرچ گرژ بکەین و، بە ئاشکرایش پەردە لە رووی حەقیقەتەکان هەڵماڵین و راستگۆیانە و بێ پێچوپەنا هەولڕ بدەین چاک و خراپ پێکەوە رانەماڵین.

ئەم کتێبە بەسەر دووبەشی سەرەکیدا دابەش کراوە بەشی یەکەمی تایبەتە بە (هونەری نوسینی دراما) و بەشی دووەمیش تایبەتە بە (دەقی شانۆیی خۆماڵی) لەبەشی یەکەم نوسەر بەچڕوپڕی و پوختی تیشی خستۆتە سەر هونەری نوسینی دراماو بنەماکانی داڕشتنی دەقێکی درامی و سەبارەت بە چۆنێتی نوسینی دەڵێ؛ دەقی شانۆیی دامەزراندن و بەرزکردنەوەی کۆشکێکی تایبەت نییە، کە پێویستی بەنەخشەیەکی ئەندازەی هەبێت، بەڵکو کردەیەکی هونەری داهێنەرانەیە، هەروەک و هونەری شیعرنووسین، یان هونەری چیرۆک نووسین، یان هەریەکێک لە هونەرە ئەدەبیەکانی دی، کەهیچ جۆرە قاڵب و بازنەیەکی دیاریکراوی تایبەت بەدەوریاندا نەکێشراوە، هەروەها سەبارەت بەپابەند بوونی نوسەری شانۆ و دراما نوسیویەتی، نوسەری شانۆیی پابەندی پانتاییەکی دیاریکراوی بچکۆلەیە و پێویستیشە کۆمەڵی رووداوی شوێنکەوتووی کامڵی کاراکتەری زیندوو رەسم بکات، لەکاتێکی ئێجگار کورتی دەستنیشانکراودا.. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نووسەر دەهاوێتە بەردەم تێڕامان و سەلیقەیەکی زۆر وردی هونەری ئەوتۆ، کە بیرۆکە و بۆ چوونەکان گەلێک بەزەحمەت لەنێوان ئەو دیوارە تەنگ و باریکانەدا بێن و بڕۆن. هەروەها دەڵێ تاکو نووسەر شارەزاییەکی سەرتاسەری بە مێژووە پڕئاڵوگۆڕەکەی هونەری شانۆی کۆن و نوێ نەبێت لەسەرو ئەمانیشەوە پێویستی بوە هەیە، زانیارییەکی گشتی دەربارەی ئەفسانە و داستان کەلەپوور و زمان و مێژوو و

زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان و جۆرەکانی ململانێی مرۆڤ و کێشەکانی سەردەم هەبێ. سەبارەت بەگران نوسینی دەقی شانۆیی نووسەر دەڵێ؛ ئەگەر بڵێین (نوسینی دەقی شانۆی) لەهەموو بەشەکانی تری ئەدەب گرانترو ئاڵۆزترە رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین.
هەر لەم بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر هەرسێ بنەما سەرەکیەکانی دەقی شانۆ کەئەوانیش (دیالۆگ، کارکتەر، هۆنینەوەی شانۆییە) سەبارەت بەدیالۆگ لەرۆڵی درامادا دەنوسێ؛ بەڵام دیالۆگ لەکاری لەکاری درامیدا مانا و وەڵامێکی قەبەتر و فراوانتر هەڵدەگرێ، کەلەژێر کۆنترۆڵێکی هونەری هەستیاردا گەشە دەکات ودەبزوێ، ئەمەیش بە تەواوی لە وتوێژی ئاسایی دابڕ دەکات و جیای دەکاتەوە. لێرەدا بابزانین ئەو کۆنرۆڵە هونەریە هەستیارە چییە؟ کە دیالۆگ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.
بێگومان کارکتەریش رۆڵێکی گرنگ لەپێخستن و گەیاندنی پەیامی دراماکە، یان شانۆکەدا دەگێڕێ و بنەمای سەرکەوتنی هەرکارێکیش لایەنی جەستەی (فیسۆلۆژی) و لایەنی دەرونی (سایکۆلۆژی) . نوسەر لێکدانەوەی گرنگی کاراکتەردا پشتی بەگوتەیەکی (عادل نادری) بەستووە کە دەڵێ (پێویست ناکات نووسەری شانۆیی، سەرجەمی کاراکتەرەکانی بە شێوەیەکی گونجاوی رێکوپێک بخولقێنێ.. یان بەمانایەکی تر هەموو کاراکتەرەکانی هەر بەتیپێکی مۆسیقی بچن، کەهەر ئامێرە دەنگێکی تایبەتی دەردەکات، کەلەیەکتری جیاوازن و پاشانیش هەموویان پێکەوە پارچە مۆسیقایەکی پێکەوە گونجاو تێکەڵاو بەیەکترمان دەدەنێ.. ) دواتر نوسەر دەچێتە سەر هۆنینەوەی دەقی شانۆیی و لێرەدا گرنگترین بنەماکانی هۆنینەوەی شانۆیی روون دەکاتەوە کەئەوانیش ململانی و یەکەی نمایش، گرنگترین خاڵی یەکەی نمایش سێیەکی (کات و شوێن و رووداو) ە.
لەبەشی دووەمدا کەتایبەتەبە دەقی شانۆیی خۆماڵی نوسەر بەچڕوپڕی تیشکی خستۆتە سەر فۆلکلۆرو ئەفسانە و مێژوو لەمیانەی دەقی درامییدا و کاریگەریەکانی فۆلکلۆری کوردی لەسەر دەقە شانۆییەکان. هەرلەم بەشەدا چەندین نمونەی دەقی شانۆی خۆماڵیو جیهانی هێناوەتەوە و خاڵە لاواز و دیارەکانی دەستنیشانکردووە، دواتر هۆکارەکانی لاوازی و هەژاری دەقی شانۆی خۆماڵی روون دەکاتەوە و پێیوایە پشتگوێ خستن و گرنگی نەدانی هونەرمەندانی کورد بەدەقی شانۆی خۆماڵییەوە هەروەها وەکو پێویستیش چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە هەروەها هۆکارێکی تری ئەم لاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاونەبوونی نوسەران و هونەرمەندان لەبواری شانۆییدا. دواهەمین هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ خۆماندوونەکردن و گوێنەدانی نوسەرانی شانۆیی، بەشارەزاییە زانستیەکەی هونەری نوسینی دراما.
بێگومان هەموو رەخنەکانی نوسەر لەجێی خۆیدایەتی و رەنگە زۆر هۆکاری تریش هەبن وەکو خراپی باری سیاسی و ئاوارەی زۆری نوسەران و تێکەلڕ نەبوونی نوسەرانی کورد بە نوسەرانی جیهان، کەئەمەش هۆکاری سیاسی و تاڕادەیەکیش کۆمەڵایەتی و ئابوری کاریگەری هەبووە، بەڵام رەنگە ئەم دوورایەی من ئێستا زۆرلە نوسەران بتوانن خۆیانی لی قوتار بکەن. راستیەکی حاشاهەڵنەگریش هەیە کەنوسەرانی کورد کەمتر شانۆنوس و درامانوس بوون، ئەمەش رەنگە زۆر هۆی هەبێ، بەڵام دەبینین ئەوانەشی شانۆیان نوسیوە، یان شاعیر بوون یان چیرۆکنوس، واتە تاهەنوکەش نوسەری تایبەتمەندی شانۆیمان نییە گەر هەشبێ ناچێتە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست.
لەپەیڤی کۆتایی ئەم کتێبەدا نوسەر دەیەی هەشتاکان بەدەیەیەکی پڕبەرەکی شانۆ و درامای کوردی دەزانێ ئەمەش راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام من پێموایە هەنووکەش بزاوتی شانۆی هەرچەندە لەو ئاستەدا نییە، بەڵام هێندەش لەدواوە نییە.
دواجار دەبێ دەستنیشانی ئەوەبکەم، کەئەم کتێبە هەوڵێکی کورتی جیدییە لەم بوارەدا بریا نوسەرانی تری شارەزا لەم بوارە کتێب و لێکۆڵینەوەی چڕو پڕیان دەخستە کتێبخانەی کوردیەوە، تاچیتر ئەو بۆشاییە گورەیەی کتێبخانەی کوردی پڕبێتەوە.
دواجار دەبێ بڵێم کەنوسەر بۆ نوسینی ئەم کتێبە نزیکەی (40) سەرچاوەی عەرەبی و کوردی بەکارهێناوەو کتێبەکەی لەساڵی (1988) دا نوسیوەو بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە چاپکردنی دواکەوتووە، دەستخۆشی بۆ م. دانا عەلی سەعید و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.